سەبارەت بەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: {فَلا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَنْدَادًا وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ}، ئیبن عەباس دەڵێت: [الأنداد] شیرکە، کە لە نێو ئومەتدا شاراوەترن لە دەنگی ڕۆیشتنی مێرووڵە لە سەر بەردێکی ڕەش لە تاریکایی شەودا

سەبارەت بەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: {فَلا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَنْدَادًا وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ}، واتە: {کەواتە هاوتا بۆخودا پەیدا مەکەن، کە ئێوە خۆتان دەزانن (بێ هاوتایە)}, ئیبن عەباس دەڵێت: [الأنداد] شیرکە، کە لە نێو ئومەتدا شاراوەترن لە دەنگی ڕۆیشتنی مێرووڵە لە سەر بەردێکی ڕەش لە تاریکایی شەودا، ئەویش ئەوەیە کە بڵێیت: سوێند بە اللە (خوا) وژیانی فلان، وبڵێیت: ئەگەر ئەم سەگە نەبوایە ئەوا دز دەهاتە سەرمان، ئەگەر مراوی لە ماڵەکە نەبوایە دز دەهاتە سەرمان، وکەسێک بە برادەرەکەی بڵێت: ماشاء اللە وماشاء فلان (خوای گەورە بیەوێت وفلان کەس بیەوێت)، وکەسێک بڵێت: ئەگەر اللە (خودا) وفلان کەس نەبوایە، ناوی کەسی تر بەکارمەهێنە لەگەڵ ناوی خوای گەورە چونکە ئەمانەی هەمووی باسکرا شیرک وهاوبەشدانانە بۆ خوای گەورە، وپیتی (و)ی تێدا بەکارهێنراوە کە بۆ بەراورد کردن بەکاردێت، بەڵکو ئەگەر کرا بڵێ: خوای گەورە بیەوێت پاشان فلان کەس بیەوێت، وبەکارهێنانی وشەی (ئەگەر) بۆ باسکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو باش نییە ونەهی لێکراوە وەکو لە فەرموودەی تردا هاتووە، بەڵام بۆ باسکردنی فەڵ ونیمعەتەکانی خوای گەورە بۆ ڕابردوو ئاساییە بە بێ ئەوەی ناوی هیچ کەسێکی تر باسبکرێت لە گەڵ ناوی ئەو زاتە، وبۆ سوێند خواردن تەنها دەبێت سوێند بە خوای گەورە بخورێت ونابێت هیچ ناوێکی تر لەگەڵ ناوی خوای گەورە باسبکرێت واتە دروست نیە (پاشان)یش بە کاربهێنرێت لە کاتی سوێند خواردندا.

[صەحیحە] [ئیبنو ئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە]

خوای گەورە دەفەرموێت: {فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلّهِ أَندَاداً وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ}[البقرة: 22]، واتە: {کەواتە هاوبەش وهاوتا بۆ خودا بڕیار مەدەن کە ئێوە خۆتان دەزانن (بێ شەریک وبێ هاوتایە)}، نەهی کردووە لە خەڵکی کە هاوبەش وشەریکی بۆ دابنێن کە شتێک لە پەرستنەکان بۆ ئەوان ئەنجامبدەن، لە کاتێکدا ئەوان دەزانن کە تەنها خوای گەورە پەروەردگارە وڕۆزیدەرە، وئەم شەریک وهاوباشە لاوازن وهیچ شتێکیان بە دەست نیە، وئیبن عەباسی وشەی (أنداد) بە هاوبەشەکان (شەریکەکان)ی پێناسە کردووە، وباسی هەندێک نمونەی لەم هاوبەشدانانە کردووە؛ ئەم شیرکانە زۆر شاراوەن وەکو ڕێکردنی مێرووڵەیەک لە سەر بەردێکی ڕەش لە شەودا، نمونەکان: سوێند خواردن بە جگە لە خوای گەورە، لەمەش گەورەتر یەکسانکردنی شتێک یان کەسێکی تر بە خوای گەورە، کە بڵێت: بە اللە وبە ژیانم، یان سەیری هۆکار بکەیت وسەیری ئەو زاتە نەکەیت کە هەموو هۆکارێکی دروستکردووە، وکارەکە نەگەڕێنیتەوە بۆ ئەوەی لە ژێر فەرمان ودەسەڵاتی خوادا بووە، ئەمیش بەوەی بڵێت: ئەگەر ئەم سەگە نەبوایە دز دەهاتە سەرمان، یان بڵێت: ئەگەر مراویەکە نەبوایە کە ئاگادارمان دەکاتەوە لە کاتی هاتنە ژوورەوەی کەسی نەناسراو؛ ئەوا دز دەهاتە سەرمان، ولە وتانەی کە بە هەمان شێوە شیرک وهاوبەشدانانە بۆ خودا: بڵێت: ماشاء اللە وشئت، واتە: خوا بیەوێت وتۆ بتەوێت، یان بڵێت: ئەگەر خودا وفلان نەبوایە، فلان وکەسی تر مەخەرە ناو ئەم جۆرە قسانەوە؛ چونکە ئەمانە هەموو شیرکی بچووکە، ئەگەر ئەو کەسەی ئەم قسانە دەکات پێی وا بێت کە خودی فلان کەس یان سەگەکە یان مراویەکە کاریگەرن لە سەر ڕووداو یان ڕوونەدانی شتێک بە بێ زانین ودەسەڵاتی خوای گەورە؛ ئەوا ئەمە شیرکی گەورەیە.